وەزارەتی پەروەردە

بەیان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی بیست و دوو / برگەی سێهەمی) ی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، بریارماندا بە :-

- بە یەکخستنی بەشی (گرێ بەستە گشتی یەکان) و بەشی (یاسایی) لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و گەرمیان لە یەك بەش بە ناوی بەشی (گرێ بەستە گشتی یەکان و کاروباری یاسایی) .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١١/٢٨ .

د.عصمت محمد خالد

وەزیری پەروەردە

وەزارەتی تەندروستی

بەیان ژمارە (١٢٢)ی ساڵی ٢٠١٢

بە بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی (بەشی گەشەپێدانی تەندروستی) سەر بە بە رێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی وە ئەم هۆبانە لەخۆ دەگرێت :

- هۆبەی (گەشەپێدانی تەندروستی) هۆبەی (جێندەر و مافی مرۆڤ) هۆبەی (ڕاهێنان و پەرەپێدانی میلاکات).

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/١١/٢٦

د.رێکەوت حمە رشید کریم

وەزیری تەندروستی